# گۆرانیبێژانی سەددام لە سەر کەناڵەکوردیەکان

هشام ئاکرەیی
karzan@spray. se

دابینکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ پەخشکردنی هەر بەرنامەیەک بەزمانێکی تر لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا، کارێکی ئاسایی یە و کەس ناتوانێ ڕەخنە لێ بگرێ. کەناڵی هەر هەرێمێکیش بە جۆرەی پێکهاتەی هەرێمەکە کات تەرخان دەکات. ئەمە لە حاڵەتێکدا کە ئەو کەناڵەی ڕاگەیاندن سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت. بەڵام ئەگەر کەناڵی ڕاگەیاندن سەر بە پارتێکی دیاریکراو بێت ئەوە ئازادیەکی زیاتری هەیە لە ڕۆی دابەشکردنی کات و بەرنامەکان. لە هەموو حالەتێکدا دەبێ بەرنامەکانی ئەو کەناڵە لە خزمەتی بیر و بوجوونی پارتەکەدا بن.

تاوەکوو ئێستا کەناڵێکی ئاسمانی سەربەخوومان نیە، هەروەها کەناڵێکی ئاسمانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشمان نیە، بۆیە دەبێ لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی پارتایەتیدا ڕەخنە بگرین.

پارتە کوردستانیەکان بە هیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی عێراق ناکەن. لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین بڵێین هەر پارتێکی باشووری کوردستان هەوڵ دەدات نوێنەرایەنی هەموو گەلی باشووری کوردستان بکات. هەربۆیەش لە دارشتنی بەرنامەو و دابەشکردنی کاتدا ئازادترە لە هەر ڕاگەیاندنێکی حکومی. ڕاکەیاندنی حکومی دەبێ زیاتر تەمسیلی گەلانی ناو وڵاتەکەدا بکات.

هەرچەندە بەدووروو درێژی نامەوێ بابەتی ڕاگەیاندنی کوردستانی شیبکەمەوە، بەڵام دەبێ لە سەر خەسلەتێکی ڕۆژنامەگەری کوردستانیدا بەتایبەت کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردیدا بوەستین و تێشک بخەینە سەر، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەناڵانە هەوڵ دەدەن خۆیان بە کەناڵی کوردستانی بناسێنن. یان هەر هیچ نەبێ کە نوێنەرایەتی هەموو گەلی باشووری کوردستان دەکەن بەڵام لەدوای ڕۆخانی سەددام کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردی هەوڵ دەدەن نوێنەرایەتی گەلانی عێراق بکەن .

جاران ڕەخنەمان لە سەددام و حیزبی بەعس دەگرت کە هەولی دەدا هاوڵاتی کورد لە ناو ریزەکانی پارتێکی عەرەبیدا ڕێکبخا. ئێستاش بە هێچ شێوەیەک پارتێکی کوردستانی مافی ئەوەی نیە عەرەبێکی دەرەوەی سنووری کوردستان دەژیت، بکا بە ئامانجی پارتەکەی. خودی کەسانێکی عەرەبیش ئامادە نیە بێتە ناو ڕیزەکانی پارتێکی کوردستانی نەک هی کوردی. ئەو پارتانە بە ڕەنجی خەباتی گەلی کورد گەیشتنە ئەو ئاستە نەک بە هاوڵاتیەکی خوارووی یان ناوەڕاستی عێراق. ئێستاش هەر کوردە ئەو پارتانە بەرز و نزم دەکات نەک خەڵکانی تر و بەعسیەکان. ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین ڕای ئەوان بۆ کێشەمان ڕاکێشین دەبێ بە شێوەیەکی گونجاو ئەو کارە بکەین نەک بە لێدانی گۆرانی گۆرانیبێژانی سەددام کە زۆربەی عەرەبەکانیش ڕقیان لێیانە.

ئەم سیاسەتەی کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستان گرتووتە بەر و پەیڕەوی دەکەن، وای کردوە ئەو کەناڵانە کۆمەلێ هەڵەی تر بکەن. وەک گەورەکردنی گورانیبێژانی سەددام و پێشاندانی گورانیەکانیان بە شێوەیەکی ڕۆژانە (ئیلیاس خدر، سەعدون جابر، حسین نعمە و لە هەموانیش گەورەتر کادم الساهر) . ئەوەی بڵێت ئەوانە بەزۆری گۆرانییان دەوت یان بەعسی نەبوون یان بێ زەرەر بوون، با بگەڕینەوە بۆ ئەرشیفی هەموو کەناڵەکانی ئاسمانی. با بزانن بە چ شێوەیەک ئەوانە بە بەژنووباڵای سەددام گورانیان دەوت و گەورەیان دەکرد و وێنەی سەددامیان جوان دەکرد. هە تا لە دوای ڕۆخانی سەددام کادم الساهر لە چاوپێکەوتنێکدا لە ئەڵمانیا وتی: من نارۆمەو عێراقێک کە داگیرکراوە و ناتوانم عێراق بە بێ سەددام ببێنم. ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە لای کەناڵەکانی کوردی تاوانباریش نین و داوای دادگایی کردنیان ناکەن، بەڵام نابێ گورانیەکانیان لێبدەن. با ئەو کارە کەناڵەکانی عەرەبی بکەن نەک هی کوردی. بەڕاستی

**بێئابرۆییە پارتە ئیسلامیەکان و عەرەبی عێراق و ئەمریکا داوای دادگایی کردنی بەعسیەکان بکەن و کەناڵە کوردیەکانیش گۆرانی بێژانی سەددام خەلات بکەن.**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**